# بۆچی پارتی لە (٧) ساڵی رابردوو دووچاری ئەو قەیرانە بوو

مەسعود عەبدولخالق

رەنگە لێکدانەوەیەکی زوری نەویَ تا بزانین کە پارتی لەو ساتەدا کەوتوتە هەڵەی زور گەورەوە لە مل ملانێیەکی بێ سوودە لەگەڵ رۆژنامەنووس و نووسەرو رۆشنبیرو ماموستایانی ئاینی و زوربەی چین وتوێژەکانی خەڵکی کوردستان، سەبارەت بە قەیرانی شەهید کردنی (سەردەشت عوسمان)، کە تیایدا (پ .د. ک) نەیزانی چارەسەری حەکیمانەی بۆ بکات، لە ئەنجامدا بووە قەیران و هەرەشە لەم لەو ئەولا کە سەردەمی نەماوە،یەکسەر بەبێ ماندوبوون وێنەی خۆی وا پیشان داوە کە:

١-حیزب حاکمەو لەجۆری (حزب القائد).

٢-عەقلیەتی جارانی براکوژی ومیلیشیایی هەر ماوە.

٣-ئەو برایەتی و یەکریزیەو هاوپەیمانیانەی لە کوردستانیش هەیە زور لەرزوکە.

٤-شەڕی برا کوژیش ئاوو ئاو چووە.

٥- هیشتا دیموکراسی و دام و دەزگایی موئەسەساتی زور لاوازە.

٦-دەسەڵات دەیەوێ بە چاوسورکردنەوەو ئیهانە خەڵک بتۆقینێ.

٧- سەلماندییەوە کە ئێمە لە (پ.د.ک)بە هەڵەداچوونووین وامان زانی ئەو بە مەسئولیەتەو پێشرەوە لە دیموکراسی وسنگفراوانی و دەستگۆڕی دەسەڵات.

بەڵام ئەویش وەک زوربەی حیزبە کوردستانیەکانی تر هەروا دەمارگیرو تەسک بینە. بۆیە ئەوەی زیاتر گومانەکانی پتەوکرد ئەو هەڵویست و پەرچەکردارانەیانە کە سەرسامیان کردین،کە بەلایەنی کەمەوە لەگەڵ ماوەی ٧ ساڵی رابرووی حوکمی هەولێر نەدەگونجا کە تا رادەیەکی چاک بە ئاراستەی سەروەری یاساو تەبایی و لێبوردەیی وموئەسەساتی بو بوو، دەرکەوت لە بوونی نێچیرەڤان بارزانی کە لە دەسەڵاتی باڵایی حکومەت بوو زوربەی کێشەکانی (پ.د.ک) ی چارەسەردەکردو نەیدەهیشت بگاتە ئەو ئاستانە و زیانی قورس لەو حیزبە بدرێ، لە سەردەمی ئەو تێگەیشتن وناز راگرتنی نووسەرو روژنامەنوس و رەخنە هەبوو، کرانەوەکەی لەگەڵ سەردەمی نوێی جیهانی رێک و هاوکات بوو، هەرچەندە ئەویش نەیتوانی ئەو هەموو نادادگەریەی لە کوردستان و لەنێوان دەزگایەکی روژنامەوانی حیزبی وئەهلی هەیە چارەسەر بکات، بەڵام بە دیبلوماسیەتی خۆی وگیانی لێبوردەیی و رووخۆشی لە گەڵیان کێشەکەی راگرتبوو نەیدەهێشت بتەقیتەوە، ئەو وەک باڵی (هەڵۆکانی ناو پارتی) بە چاوی رق تەماشایی رەخنەگران و خەڵکی دەرەوەی حیزبی نەدەکرد، تەنانەت ئەگەر ئەو نەبوایە هەر لە بەردبارانەکەی حیزبە معارەزەکانی کوردستان دەگەڕایەوە نەوەدەکان و کونسولخانەو بەرنامەی (وەبەرهینان) لە کوردستان نەدەما ،دوور نەبوو ئیستا لە ژێر پێی داگیرکەران نەخشەی بەرگریمان دابنایە، پێویستە هەرچی زووترە دان بەو هەڵانە دابنرێ و رەوشەکە بە ئاراستەی هەرەشەو گومان لەیەکتری نەبرێ و دەستکەتی گەورەی وەک پێک هێنانی ئیتیلافی کوتلە کوردیەکان و ئەو رەوشەی کوردستان تێک نەدرێ.

## دەڵێن

ئەوانەی بەشداری خولی فێربوونی زمان دەکەن،لە ئاسایش دۆسیەیان بۆ دەکرێتەوە

## پەند

ئەگەر عەدالەت ئاور داتەوە گورگ لەگەڵ مەر ئاو دەخواتەوە

## ژیان فێری کردم

سود لە هەموو شتێکی دەوروبەرو وەربگرەو بیخەرە خزمەت کەسانی شایستە

پیت و خاڵ

# ئەوەی لە قوتابخانە فێری نابین

٣-٣

هەشتەم: لەوانەیە قوتابخانەکەت بەیەک جار لە زیرەک و تەمبەڵەکان رزگاری بووبێت، بەڵام هێشتا لە هەموو شوێنەکاندا هەن. لە هەندێک قوتابخانەدا بڕیاردراوە کە کەوتن نیە، بۆیە هەلی زۆر دەدەن بە قوتابیان تا وەڵامی راست بدەنەوە، ئەو هەلانەش لە ژیانی کرداریدا نیە، بەڵکو هەندێک جار تەنها یەک هەلت پێ دەدرێت.

نۆیەم: ئەو ژیانەی لە فیلم و دراماکان دەیانبینین، واقیعی و راستەقینە نیە، لەراستیدا خەڵک هەموو کاتەکانیان بە یاری و پشوو و دانیشتن لە قاوەخانەکان بەسەر نابات، بەڵکو پێویستە بچنە سەرکارەکانیانیش.

دەیەم: ژیان زنجیرەیەک پۆلی خوێندنی لەدوای یەک نیە، ناتوانیت لەکاتی گەرمای هاوین پشوو بدەیت، خاوەن کارەکان وەک مامۆستاکان دەست بەتاڵ نابن بۆ یارمەتیدانت، پێویستە خۆت یارمەتی خۆت بدەیت و هەموو کارەکانت لەسەر حیسابی کاتی خۆت ئەنجام بدەیت.

یازدە: پێویستە رێز لە سەرکەوتوەکان بگریت، ئەگەریش رەفتاریان سەیر بێت، چونکە لەوانەیە بگەیتە ئەو دۆخەی لەژێر فەرمانی ئەواندا کاربکەیت.

# کچێکی بچوک بە بۆنکردن داپیری لەمەرگ رزگار دەکات

کچێکی تەمەن ١٣ ساڵە، هەستێکی بۆنی زۆر بەهێزی هەیە، شەو هەست بە بۆنی دوکەڵێک دەکات و دەزانێت کە لە ماڵی داپیریەوە دێت, یەکسەر باوکی لێ ئاگادار دەکاتەوە، ئەویش بەهاوکاری دراوسێیەک دەرگای ماڵەکە دەشکێنن و، چەند ساتێک بەر لە گەیشتنی ئاگرەکە پێی، پیرەژنەکەیان رزگارکرد و گەیاندیانە نەخۆشخانە.



# گوێیە گەورەکەی رزگاری کرد

منداڵێکی چینی بەناوی (مینگ مینگ) لە نهۆمی هەشتەمەوە بەربووەوە، بەڵام گەورەیی گوێیەکانی نەیهێشت بکەوێتە خوارەوەو لەنێوان شیشەکانی باڵەکۆنەکە گیربوو، پیاوانی فریاکەوتن پێڕ ا گە یشتن و دوای لێک دورخستنەوەی شیشەکان،توانییان منداڵەکە رزگاربکەن.




# دوای ٩٩ ساڵ ئۆکسفۆرد ، هەڵەیەک راست دەکاتەوە

بەرپرسانی فەرهەنگی ئۆکسفۆرد رایانگەیاند کە ٩٩ ساڵە هەڵەیەک لە لێکدانەوەی زاراوەیەک کراوەو لەم دواییانە چاکیان کردۆتەوە. بڵاوکراوەی (کۆریی مایل)ی ئوسترالی بڵاوی کردەوە، کە (ستیڤن هۆگز) زانای فیزیایی لە زانکۆی (کوینلاند) بۆ تەکنەلۆژیا، بۆی دەرکەوت کە پێناسەی زاراوەی (سیفۆن) لە فەرهەنگەکەدا هەڵەیە. لە ساڵی ١٩١١-وە، فەرهەنگی ئۆکسفۆرد وای دەرخستوە کە فشاری هەوا دروستی دەکات، بەڵام لەراستیدا کێشی زەوی هۆکارەکەیەتی.

سیفۆن بریتیە لە لولەکێک بۆ بەتاڵکردنەوەی تەنکیەکان.




# دارمانێکی زەوی، ماڵێک شوێن بزر دەکات

قسەکەری پۆلیسی کەنەدی لە کەرتی کیبیک لە رۆژهەڵاتی کەنەدا، رایگەیاند کە دارمانێکی زەوی لە درەنگانی شەودا، خانەوادەیەکی چوار کەسیی شوێن بزر کردوە.

دارمانەکەدا بەدرێژایی ٤٥٠ مەتر زەویی شەق کردوەو چاڵێکی زۆر قووڵی لێ دروست بووە، کە نەتوانراوە بگەنە قوڵاییەکەی.

بەپێی کەناڵی CTV کەنەدی، خاوەن ماڵەکە کاری کارەبایی دەکات و هەردەم مۆبایلەکەی لە پشتێنەکەی دەبەستێت، هەر بۆیە زەنگیان بۆ مۆبایلەکەی لێداوەو دەنگی زەنگەکەیان بیستووە، بەڵام وەڵامی نەداوەتەوە.

زانایانی جیۆلۆجی تا ئێستا هۆکاری ئەم دارمانەی زەوییان نەزانیوە.

# کاتژمێرێک کاتی خۆتم بدەرێ ؟

باوکێگ شەوو رۆژ خەریکی کارە، بواری دانیشتنی نیە، تەنها بۆ خواردن و نوستن نەبێت. رۆژێکیان منداڵێکی دەچێت بۆ لای و دەڵێت: باوکەگیان، بۆ وەک جاران یاریم لەگەڵدا ناکەیت و چیرۆکم بۆ ناخوێنیتەوە؟ زۆرم پێخۆشە کەمێک پێکەوە یاری بکەین و چیرۆکم بۆ بخوێنیتەوە.

باوک: رۆڵەگیان، من بواری یاری و کات بەسەربردنم نەماوە، کارەکان زۆرن و کاتەکەش زۆر بەنرخە.

منداڵ: ئێ تەنها کاتژمێرێک لە کاتی خۆتم بدەرێ، من زۆر تامەزرۆی تۆم.

باوک: رۆڵەی شیرینم، من لەپێناو ئێوە کار دەکەم و ماندوو دەبم، ئەو کاتژمێرەی تۆ باسی دەکەیت دەتوانم تیایدا زیاتر لە دەهەزار دینار پەیدا بکەم، بۆیە ئەو کاتەم نیە لەگەڵ تۆ بەزایەی بدەم، برۆ لەگەڵ دایکت یاری بکە.

چەند رۆژێک تێپەڕی و باوکەکە هەر سەرقاڵ بو، رۆژێکیان منداڵەکە چووە لای باوکی و پێی وت: باوکە، پێنجسەد دینارم بدەرێ.

باوک: رۆڵە، من هەموو رۆژێک پێنجسەد دینارت دەدەمێ، چییان لێ دەکەیت؟ ئەمجارە، ئێستا هیچت نادەمێ.

منداڵەکە بە خەمبارییەوە رۆیشت.

پاش کەمێک باوکەکە بیردەکاتەوە منداڵەکەی ئاشت بکاتەوە، دەچێت بۆ لای، دڵی دەداتەوەو پێنجسەد دینارەکەی دەداتێ.

منداڵەکە زۆر دڵی بەو پارەیە خۆش دەبێت، یەکسەر دەچێت ئەو پارانەی هێنا کە کۆی کردبونەوە، رێکی خستن و بژاردنی.

باوکەکە وتی: ئەو هەموو پارەیەت هەیە، بۆ داوای پارەی دیکە دەکەیت؟

منداڵ: من هەموو رۆژانەکانم کۆکردوەتەوە تا دەهەزار دینار تەواو بکەم، ئەوا تەواو بوو، ها باوکەگیان، ئەوە دەهەزار دینار، کاتژمێرێک لە کاتی خۆتم بدەرێ.

# هیند پێڵاوی پێستە قەدەغە دەکات

بڵاوکراوەی (زە ئیندیان ئەکسپەر) بڵاوی کردەوە کە چالاکوانێکی بواری مافی ئاژەڵان بەناوی (مانیکا گاندی) پێشنیاری کردووە کە لەگەڵ جلوبەرگی قوتابخانەدا، پێڵاوی پێستەش لە قوتابخانەکان قەدەغە بکرێت، چونکە لە پاشماوەی داگیرکەرانەو زیانیش بە ئاژەڵان دەگەیەنێت. ئەمەش پێشوازییەکی چاکی لێکرا.

پێڵاوی پێستەی مۆمکراو، زیان بە ژینگە دەگەیەنێت و ئاسودەیی نابەخشێت، لە پاشماوەی داگیرکەری بەریتانیشە، بەنیازن بیگۆڕن بە پێڵاوی دروستکراو لە قوماش.

چەند دەیەیەکە پێڵاوی پێست بەشێکی جلوبەرگی قوتابخانەیە، لەگەڵ گۆرەوی سپی و پانتۆڵ بۆ کوڕان و کراس بۆ کچان، رەنگەکەش لە هەر قوتابخانەیەک جیاوازە



# بەندیخانەی پێنج ئەستێرە

بەندیخانەی (هالدن فینگسیل)، یەکەم بەندیخانەی پێنج ئەستێرەیە، لەم دواییانە لە نەرویج کراوەیەوە، لەسەر روبەری (٧٥) فەدان دروستکراوەو ملیارێک و نیو کرۆنۆی تێچوە، جێگای ٢٥٢ بەندیی تیادەبێتەوە.

ئەم بەندیخانەیە ژوری فراوان و شاشەی پلازمای گەورەو کتێبخانەیەکی مەزنی تێدایە. هەر دە بەندی چێشتخانەیەک و ژورێکی نانخواردنی خۆشیان بۆ هەیە.

لەم بەندیخانەیە چەک بەکارناهێنرێت و رەفتاریان لەگەڵ بەندیەکان راستەوخۆیە.





# ملیۆنەرێکی رەزیل

ملیۆنێرێکی ئەڵمانی بەناوی (شتیڤان لیشتابە)، لە بەندیخانەی ئەڵمانیا هەڵات و چوو بۆ تورکیا، لەوێ دەرۆزەکەرێکی تورکی داوای لیرەیەکی لێدەکات، بەڵام نایداتێ. بۆیە دەبێتە ناخۆشییان و چەقۆیەکی لێ دەدات و دەیکوژێت.

جێی ئاماژەیە فەرمانی بەندکردنی لەساڵی ٢٠١١ تەواو دەبێت.

